# تاڵەبانی...ئەنفال..لەدایك بوونی محمد

هیدایەت مەلا عەلی

**hidayat_malaali@yahoo.com**

**2005/4/23**

بۆ دانیشتنی تاڵەبانی لەسەر کورسی سەرۆك کۆماری هەراو هوریایەکی زۆر نرایەوە . ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد وایان نیشانی خەڵکی دەدا کە ئیتر ناچەوسێنەوەو سەرجەم برینەکانی ڕابورد و ساڕێژ دەبن . بۆ یەکجاری ئەنفال و کیمیاباران لە بیر دەچێتەوەو تاڵەبانی دەرگای ژیانێکی خۆش و پڕ لە دەسکەوت بە ڕووی کۆمەڵانی خەڵکدا دەکاتەوە . تەنانەت تەوەهم بەخشینەوە گەشتە جێگایەك کە شایەتیان لەسەر قسەی مردووەکان دەداو دەیان ووت شەهیدان ئاسوودە بوون . بەڵام چەند ڕووداوێکی خێرای ئەم ماوەیە نیشانی دا نە تاڵەبانی و نە بزووتنەوەکەی ئەو ناتوانن نوێنەری کۆتای پێهێنانی زوڵم و نەهامەتیەکانی سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردوستان بن .بەڵکو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و ئەحزابەکانی هەمیشە توانایان لەو چەوساندنەوە و کوشتارگایانە وەرگرتووە کە بۆ خەڵکی کوردوستان ساز دراوە .

ستەمی میللی , کیمیاباران , ئەنفال , ڕووخانی هەزاران گوند , سەرکووتی سیاسی , زیندان , سێدارە , هتد ئەم تاوانانە لەلایەن ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردەوە وەك پلەی پەیژە بۆ گەشتن بە دەسەڵات بەکاریان هێناون و سواری نارەزایەتیە بەرحەقەکانی خەڵکی بوون لە دژی ڕژێمی سەرکووتگەری بەعس بە بەرژەوەندی ناسیۆنالستی کورد و ئەحزابەکانی . ئەم چەند ڕۆژە چەند ڕاستیەك دەرکەووتن کە کۆمەکی ئەوە دەکات خەڵکی کوردوستان بە یەکجاری لە ماهیەت و ناوەڕۆکی ئەم حیزبانەی کوردایەتی تێبگەن و ئیتر بە چەوەشەکاریەکانیان فریوونەخۆن . ئەحزابی دەسەڵاتداری کورد ئەوەندە کوێرەوەریەکانی خەڵکی کوردوستانی بۆ گرنگەو باسی دەکات کە بتوانێت بەشی ئەو لە دەسەڵاتی سەراسەری مسۆگەر بکات و قلشتی قەومی قوڵتر بکاتەوە . ساڵ یادی ئەنفالی **2005** یەکەم ساڵ یاد بوو کە تاڵەبانی سەرۆکی عێراق بوو. ئەم سەرۆکە کە بڕیار بوو بۆ کۆتای هێنانی ئەنفال و کیمیاباران ئەم پۆستە وەرگرێت لەو ڕۆژەدا نووزەی لێوەنەهات و ووتارێکی پێشکەش نەکردکە بتوانێ ئەو تاوانە وەك کردەوەیەکی شۆڤێنێتی عەرەبی بەرانبەر بە خەڵکی کوردوستان باس بکات .

چونکە تاڵەبانی لە پشتی سووتەمەنی تاوانەکانی بەعس بۆتە سەرۆکی عێراق و ئیتر پێوویستی بەوە نیە لەم بارەیەوە قسە بکات . نەك هەر ئەمە بەڵکو تاوانبارێکی وەك وەفیق سامەڕائی کردۆتە ڕاوێژکاری ئاسایشی خۆی کە لێپرساوی ڕاستەخۆی ئەنفال و کیمیابارانەکانی کوردو ستانە.تاڵەبانی ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر باوەشی کردووە بە ئەو پایانەی کە دەسەڵاتی خۆی و بزووتنەوەکەی دەپارێزێ . بۆیە بە ئاشکراو لە یەکەم ووتاریدا ووتی عێراق دەگێڕمەوە بۆ ناوەندە ئیسلامی و عەرەبیەکەی وەك ئەوەی خەڵکی عێراق و بە تایبەت کوردوستان لەم دوو ناوەندە بۆگەنە گۆماوی خوێنی بۆ ساز نەدرابێت . لەیادی لە دایك بوونی **محمد** ووتار دەدات و ئەو بۆنەیە دەکاتە ڕۆژی لێبووردن و شەفاعەت هێنەر بۆ خەڵکی کوردوستان و عێراق . ژنێکی پیری پەکەووتو لەسەر جێگاکەی بەدەم ئازار و نەخۆشیەوە دەیووت **14** ساڵە جگەرەیەکم لە کەسەوە وەرنەگرتووە و کەس کۆمەکی نەکردوم و سەرجەم کەس و کارم بە کوڕ و کچەوە ئەنفال کراون . بەڵام ڕاگەیاندنی ئەم حیزبانە بانگەوازی ئەوە دەکەن کە ڕووفاتی پیرۆزی ئەنفالەکان بدۆزرێنەوەو بهێنرێنەوە بۆ کەس و کاریان .

ئەمانە ڕێزی زیندووەکان ناگرن کەچی خەریکن تەنها بۆ چاوبەست و خۆڵ کردنە چاوی خەڵك شەڕی ئەو ئێسکانە دەکەن کە ئەگەر تاڵەبانی تەشریف بفەرمێ و پرسیارێك لە ڕوێژکاری ئاسایشەکەی بکات و پێی بڵێت بێ زەحمەت ئەنفالەکانتان لە کوێ شاردۆتەوە کێشەکە حەل دەبێت . من یەك زەڕە بەوە فریو ناخۆم تاڵەبانی لە ڕۆژی ئەنفال یان کیمیاباراندا قسە بکات یان نەیکات بەڵام بۆ خەڵکی کوردوستان ئەبێت ئەوە ڕوون بێت کە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد زووڵم نەهامەتیەکانی سەر شانی خەڵکی کوردوستان یان تەنها وەك وەسیلە سەیر کردووەو و سەیر دەکەن . ناتوانن پەیامێکی ئینسانی و سیاسی جیدیان پێ بێت بۆ کۆتای هێنان بە ئەنفال و کیمیاباران و زووڵمی قەومی و پلە دووی . سەرۆك بوونی تاڵەبانی هیچ نیە بێجگە هەوڵێك بۆ سەقامگیر کردنی دەووڵەتێکی تێکەڵە لە شۆڤێنیەتی عەرەبی و کۆنەپەرستی ئیسلامی .بەڕەئی من نابێ خەڵکی کوردوستان بە هیچ شێوەیەك هیچ ئومێدێك بەم سیناریۆیەوە ببەستنەوە . ڕێگای ڕزگاری خەڵکی کوردوستان جیاکردنەوەی کوردوستان و پێك هێنانی دەووڵەتێکی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی یە .